

# شەهید حەمەدئەمین

## حەمەدئەمین عومەر ئەمین خدر


یەکێکی دیکە لەو شەهیدانەی کە لە سنووری قەزاری کۆیە، لەماوەی بەرگری کردن و ڕووبەڕوو بونەوەی داعش گیانی لەدەست داوە، شەهید حەمەدئەمین عومەر ئەمین خدر بووە.

حەمەدئەمین عومەر ، لە یەکی تەمموزی ساڵی (١٩٦٥) لە گوندی شەوگێری سەر بە قەزای کۆیە لە دایک بووە، خوێندنی سەرەتایی لە شەوگێر و خوێندنی ناوەندی لە شاری کۆیە فێرگەی قادرییە- حاجی قادر، تەواو کردووە. بەڵام لەدواتردا بەهۆی فەقیری و هەژارییەوە وازی لەخوێندن هێناوە و سەرقاڵی کارکردن بووە، بەتایبەت کشتوکاڵی.

حەمەدئەمین، لە تەمەنی سی و پێنج ساڵیدا و لە ساڵی (٢٠٠٠)دا، ژیانی هاوبەشی لەگەڵ خانمێک بەناوی (نەجیبە ڕەسووڵ ئەحمەد عەباس) پێکدەهێنێ و بەرهەمی ئەو ژیانەیان کوڕێک بەنێوی (ڕامان، تەمەن دوازدە ساڵ) و کچێک بەنێوی (ڕەیان، تەمەن چواردە ساڵ) بووە.

شەهید حەمەدەمین، لە ڕاپەڕینی ساڵی (١٩٩١)ـەوە چەکی لە شان کردووە و بووە بە پێشمەرگەی کوردستان و لەماوەی ژیانیدا بەشداری زۆربەی ئەو شەڕانەی کردووە کە ڕوویانداوە، لەوانە شەڕی "جوندولئیسلام" و "کۆتایی هێنان بەڕژێمی بەعس و

سەددام حوسێن لە ساڵی (٢٠٠٣)"، لەدوا شەڕیشدا "داعش". ئەڵبەتە، لە بەهاری ساڵی (١٩٩١)دا، برایەکی بەنێوی قارەمان لە ڕانیە شەهید کراوە.
شەهید حەمەدەمین لە ساڵی (٢٠٠٥)ەوە شەهید حەمەدەمین لە ناو وەزارەتی پێشمەرگەوە دەگوازرێتەوە بۆ ناو وەزارەتی ناوخۆ و دەبێتە پۆلیسی کارەبا.
لەسەرەتای هێرشەکانی داعش، بەتایبەتی بۆ سنووری جوگرافی پارێزگای کەرکووک، بەشێک لە پۆلیسەکان دەنێردرێنە سنووری بەرگری شەڕکردن تا لە ڕێککەوتی پێنجی ئەیلوولی ساڵی (٢٠١٤)دا، حەمەدەمین و پۆلێک لە هاوڕێکانی لەخانوێکی نێو شاری کەرکووک جێگردەبن، بەمەبەستی پاراستنی ناوخۆیی شار و لەکاتی ڕۆژ ئاوابوون و تاریک بوونی شار و پچڕانی کارەبا، حەمەدەمین لەسەر بیناکە دەکەوێتە خوارەوە و ماوەی یەک کاتژمێر بە برینداری دەمێنێتەوە و لەدوایدا بەیەکجاری ماڵئاوایی لە ژیان دەکات. و لە گۆڕستانی گەورەی شەوگێراوە، بەخاکی دەسپێرن.
بۆ وەرگرتنی زانیارییەکانی دیدار لەگەڵ بەڕێزان (نەجیبە ڕەسووڵ ئەحمەد، هاوژینی شەهید و قادر عومەر ئەمین، برای شەهید) ئەنجامدراوە. لە ڕێککەوتی چواردەی تەمموز، ڕۆژی پێنج شەممە، لەماڵی ناوبراوان، لەکۆیە.




وەزارەتی ناوخۆ
POLICE

